


هەڤپەیڤین

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

**شەهرزاد مۆجاب** توێژەر، نووسەر، چالاکی سیاسی، پسپۆری لێکۆڵینەوە لەبارەی ژنان (ژنۆلۆژی)، بەرپرسی توێژینەوەی یەکسانی و سۆلیداریتێ لە زانکۆی تورنتویە.

کتێب و توێژینەوگەلێکی جۆراوجۆری لەبارەی کاریگەرییەکانی جەنگ، کۆچ و توندوتیژی لەسەر پەروەردە و فێربوونی ژنان؛ زایەند(جێندەر)، دەوڵەت و ڕوانگەی فێمینیستی لە فێرکاری چاپ و بلاوبوونەتەوە، کە هەندێکیان وەگێڕاونەتەوە سەر زمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی، ئەڵمانی، فەرەنسی و سوێدی.

بەشێک لە کارەکانی دکتۆر مۆجاب بریتین لە: (فێربوونی شۆڕشگێرانە؛ مارکسیزم، فێمینیزم و زانست) ٢٠١٧، (فێربوون لە مارکس: ڕەچەڵەک، زایەند و فێربوون) بە هاوکاری **سارا کارپنتر** ٢٠١٢، ( ژنان، جەنگ، توندوتیژی و فێربوون) ٢٠١٠.

لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی کارەکانی ناوبراو. بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکانیەتی بە شێوە جیاوازەکانی هونەر.

دکتور مۆجاب کە لە توێژەرە دەگمەنەکانی غەیر کوردی بواری توێژینەوەیە لەبارەی کوردستان و تاقە ژنی ئەکادیمییە کە سێ دەیەی ڕابردوو بە شێوەیەکی فراوان و قووڵ توێژینەوەی لەسەر مەسەلە پێوەندیدارەکان بە ژنانی کوردستان لە ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا و دیاسپۆرا ئەنجام داوە. لە بەرهەمەکانی لەم بوارەدا کتێبی **"ژنانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت: کوردەکان"**ە (٢٠٠١)، کە تا ئێستا تەنیا کتێبێکە کە بە زمانی ئینگلیزی لەبارەی ژیان و تێکۆشانەکانی ژنانی کورد لە سونگەی مێژوو، سیاسەت، کۆمەڵگە، کولتوور، زمان، ئایین و یاسا نێودەوڵەتییەکان.

ناوبراو هەروەها یەکێک لە دامەزرێنەرەکانی "ئەنستیتۆی نێودەوڵەتی توێژینەوەی ژنانی کورد"ە کە لە ساڵی ١٩٩٧ لە وەڵامی پێویستی زۆر بە کردنەوەی دۆخێک بۆ توێژینەوە لەسەر ژنانی کورد لە بوارە نێودەوڵەتییەکانی مافی ژنان و بەرزکردنەوەی هاوسەنگی زایەند(جێندەر)ی لە کۆمەڵگە کوردییەکان، لە دیاسپۆرا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزرا.

ئەم دامەزراوەیە ئەمساڵ پاش دابڕانێکی کورت دیسان بە ناوی (ئەنستیتۆی توێژینەوە لەسەر ژنانی کورد) چالاکی خۆی دەست پێ کردەوە.

**مۆجاب** ئێدیتۆری کۆمەڵە کتێبی (گەلی کورد، مێژوو و سیاسەت)ی چاپەمەنی (پیتەر لینگ) لە ئەستۆ بووە و سەرقاڵی بەرنامەدانانە بۆ وەرگرتنی وانەیەکی نوێ لە ژێر ناوی (ژنانی کورد: مێژوو، بەرەنگاری و کولتوور) لە زانکۆی تۆرنتۆ.

"ژنانی کوردستان، خوێندنەوەیەکی مێژوویی و کتێبناسی" ناونیشانی کتێبێکە کە مۆجاب بە هاوکاری هاوسەرەکەی **(دکتۆر ئەمیر حەسەن پوور)** بیست ساڵ لەمەوبەر دەستیان کردووە بە نووسینی و ئێستا لە چاپخانەدایە.

لەگەڵ دکتۆرمۆجاب لەبارەی ڕۆڵی ئەو لە بەرهەمهێنانی زانین لەبارەی ژنانی کورد، ناوەڕۆکی پرۆژەکانی پێشتر و داهاتووی خۆی و هەروەها بۆچوونەکانی لەبارەی کێشەکانی ئێستای توێژینەوە لەبارەی ژنانی کورد ئەم گفتوگۆیەمان کرد.

***ئێوە بیست ساڵ لەمەوبەر کتێبی (ژنانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، کوردەکان)ت بڵاو کردووەتەوە و لە ئێستادا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی خۆت لەم بارەیە لە چەند بەستێنێکی هاوشان بە شێوەیەکی فراوان و قووڵ و داهێنەرانە درێژە پێ دەدەی. بەردەوامی و درێژەدان بەم ڕێگەیە چۆن بەیان دەکەی؟ و پێوەندیت لەگەڵ کوردستان و ژنانی کورد لە پانتایی بەرهەمهێنانی زانین و مەعریفە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**مۆجاب**: بەشێک لە وەڵامی ئەم پرسیارە شەخسی و تایبەتە و بەشەکەی تریشی سیاسییە. بەشە شەخسی، کەسییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زانکۆ و ئەو کاتەی لە زانکۆدا چالاکی سیاسی بووم، لە کۆنفیدراسۆنی زانکۆ لە ساڵی ١٩٧٠ و لەوێ لەگەڵ (ئەمیر حەسەن پوور) ئاشنا بووم و لە لایەن ئەمیرەوە بۆچونی مارکسیزمی و بزووتنەوەی سیاسی کوردستانم ناسی و هەر لەو سەرەتایانەدا ئاگاداری پێگەی خۆم وەک ژنێکی فارس بووم، ڕووبەڕووبوونەوەی ژنێک کە بە بیرکردنەوەی ناسیۆنالیستی ئێرانیی سەبارەت بە نەتەوەکانی تری ئێران دەبێتەوە. بیرکردنەوەی سەروەری نەتەوەیی، کولتووری و زمانی من، ڕەگ و ڕیشەی لە کولتووری شۆڤینیستی فارسیانەی من و شێوازی باوی پەروەردەی سەردەمی دەسەڵاتداری پەهلەویدا هەبوو.

پاش چەند ساڵ لە دەستپێکی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨ من و ئەمیر وەک زۆربەی خوێندکارەکانی کۆنفیدراسیۆن گەڕاینەوە ئێران و، ئەوەش بواری زیاتری ئاشناییم بە پرسەکانی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە بۆ ڕەخساندم، بە تایبەت پرسی سەربەخۆیی کوردستان و ئەو تێکۆشانەی لە سەرەتای شۆڕشی ئێران لە کوردستان لە ئارادا بوون. ئەوە دەزانین کە کوردەکان و لە ڕاستیدا هەموو نەتەوە کەمینەکانی دیکەی ئێران لەو گرووپانە بوون کە لە پاش ژنان، بەر ئامانجی سەرکوت و هێرشی نیزامی ڕژیمی ئیسلامی ئێران کەوتن. من لە پاش ئاگربەست لەنێوان ڕژیمی ئێران و هێزەکانی بەرخۆدانی کورد لە ساڵی ١٩٧٨چوومە کوردستان تا ساڵی ١٩٧٩ لەوێ ماومەوە.

ئەمە یەکەمین سەفەرم بوو بۆ کوردستان، بەڵام هەر وەک لە شوێنی تریش نووسیومە، ئەم سەفەرە بۆ من دەستپێکی ڕێگایەکی بێ گەڕانەوە بوو بۆ ناو ژیان و ئاوات و ئارەزووەکان، مێژوو و کولتووری خەڵکی کوردستان. فێری زمانی کوردی(سۆرانی) بووم و سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی فارسیانەی خۆم، ئاگاییم پەیدا کرد و هەوڵمدا بە سەریدا زاڵ بم. لەلایەکی ترەوە، شارەزا بوون لەگەڵ مارکسیزم و فێمینیزم و هوشیاری سەبارەت بە نابەرابەری و نایەکسانی نەتەوەیی، وردە وردە بەشێک لە ژیانی سیاسی و زانستی منی پێکهێنا. پاشان کەڵکم لە ئیماکاناتی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەییەی خۆم وەرگرت هەتا پرسی کەمینەبوونی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە شێوەیەکی فراوان و میتۆدیانە و زانستی- توێژینەوەیی بخەمەڕوو. دەبێ ئەوەش بڵێم کە بە داخەوە ڕەنگە من تەنیا ژنی ئەکادیمی و توێژەری فارس بم کە بەو شێوازە ڕێکخراوە و بەردەوامە کار لەسەر دۆزی کوردەکان و نەتەوە کەمینەکانی دیکە دەکەم. جگە لەوەش لە ڕێگە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی فراوان لەگەڵ پرس و دۆزەکانی کوردەکانی سێ پارچەکەی تر تورکیا(باکوور)، سوریا(ڕۆژئاوا)، عێراق(باشوور) ئاشنام و کارم لەسەریان کردووە.

***باسی چالاکییەکانتان لە بواری بەرهەمهێنانی زانین و زانست و بەرپرسیاریەتیتان لەم پرۆژانەدا و ئەو کتێبەتان کە لە ژێر چاپ دایە و هەروەها خولی فێرکاری**

**زانکۆی تورنتۆ و ئیـدیتۆری زنجیرە توێژینەوەیەک لەبـارەی کوردەکـان بکەن. خالّی هاوبەشـــی ئەمانە و لە هەمووی گرنگتر پاڵنەر و ئامانجتان چییە؟**

**مۆجـاب**: هەموو ئەمـانە پێوەنـدیان بە یەکترەوە هەیە و دەنا توێژینەوە لە چۆنییەتی پێوەندی و کاریگەری ئەم بوارانە لەســـەر یەکتر جێی ســـەرنجە. من لە چەند بواری بەرهەمهێنـانی مەعریفەدا ســـەرقـاڵم کە پێکهـاتوون لە نووســـین و کۆکردنەوە، ڕێکخســـتن و گەڵاڵەکردنیی خولی فێرکاری زانکۆیی، ئێدیتۆری، سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی زنجیرە گوتاردان و هتد. پێوەندی ئەمانە لەوەدایە کە هەموویان بە گشتی جۆرێک لە زانست و زانین لە بوارەکانی مێژوو، کولتوور، زمانزانی، ئەدەبیات، ڕۆڵەکانی ڕەگەزی و زایەندی کوردسـتان و ژنانی کورد باس و لێکۆڵینەوە دەکات. دەتوانین سوود لەم زانست و زانینەش وەربگیرێ بۆ وانەبێژی و دەرفەتەکە برەخســـێنرێ بۆ جێبەجێ کردنی توێژینەوەی زیاتر و، یـاریـدەی فـراوانـکـردنـی زانســـت لەم بـوارانەدا بـکـات. لەبارەی کتێبی (ژنانی کوردستان: خوێندنەوەیەکی مێژوویی و کتێبناسی) دەبێ بڵێم کە من و ئەمیر حۆســـین پوور بیســـت ســـاڵ لەمەوبەر دەســـتمان کرد بە نووسینی کتێبەکە. ئەم کتێبە یەک سەدە خوێندنەوە و توێژنینەوە لەبارەی ژنانی کورد بە ســـێ زمانی ئینگلیزی، فەڕەنســـی، ئەڵمانی لە خۆی دەگرێت. واتا کۆمەڵەیەکی نێوبواری(ئینتێردیســـیپلینێری) چەنـد زمـانەیە کە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی یەک ســـەدەی ڕابردوو کۆکراوەتەوە و بە شـــێوەی بابەتی شـــی کردوەتەوە. ئەم کتێبە دابەش دەبێتە ســـەر دوو بەش، بەشـــی یەکەم تەرخانکراوە بۆ هەڵسەنگاندنێکی مێژوویی هەمەلایەنە و یەکپارچەی هەڵکەوتەی جوگرافیایی و سیاسی ژنانی کورد. بەشی دووەم پێداچوونەوەی هەموو ئەو سەرچاوە و ئەو بـابەتـانەیە کە بە ســـێ زمـانی بـاســـکراو پۆلین کراوە و بە شـــێوەی واژە ســـەرەکییەکـان ڕوونکراوەتەوە. پێـداچوونەوەیەکی خێرای ئەم بـابەتە پۆلین کراوانە ئەوە دەردەخات کە لەبـارەی ســـەرکوت کردنی ژنـان و توندوتیژی بەرامبەریان لە هەر چوار پارچەی کوردســـتان کاری زۆری ئەنجامدراوە کە بەڵگە و ڕاپۆرتی زۆر هەیە لەم بـارەیەوە. لە هەمـان کـاتـدا ئەم کتێبە خۆی بەڵگەیەکە بۆ ئەو ڕاســـتییە کە لەبـارەی ژنـانی کورد ســـەرچـاوەی زۆر بۆ

بەرهەمهێنانی زانســـت لە بوارە جیاوازەکان بە تایبەت پێوەندی ڕەگەزی و زایەندی، ئەخلاق، مێژوو، ئەدەبیات و فۆلکلۆر هەیە. دەکرێ بڵێین کە ئەم کتێبە ســـەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ڕوونکردنەوەی جیددی بە ژیان و خەباتی ژنانی کوردە و، ئیتر کەس ناتوانێت بانگەشـــە ئەوە بکات لەبەر نەبوونی سەرچاوە نەیتوانیوە لەبارەی ژنانی کوردەوە لێکۆڵینەوە بکات.

لەبارەی خولی فێرکاری زانکۆی تورێنتۆ، ئەم ڕوونکردنەوەیە بە پێویســـت دەزانم کە زانکۆی تۆرنتۆ بایەخ دادەنێ بۆ درێژەدانی کاری زانستی **ئەمیر حەسەن پوور** و ڕۆڵی ئەو وەک یەکێک لە گرنگترین توێژەرەکانی مارکسیستی کۆردۆلۆژی. ساڵی ڕابردوو بە مەبەستی درێژەدانی شێوەی زانستی ئەمیر، ئەم زانکۆیە لە دێپارتمانی (شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست) بۆ یەکەم جار لە ئەمریکای باکوور، یەکەی وانەیی هاوینەی لەبارەی زمان و کولتووری کوردی پیشکەش کرد کە پێشوازی زۆری لێکرا و خوێندکاری زۆر لە هەموو جیهان بەشـــداریان تێدا کرد. مـامۆســـتـای ئەم وانەیە **دکتۆر جەعفەر شـــێخولئیســـلامی** لە زانکۆی کارلتون ئۆنتاریۆ بوو. ئەمســـاڵ لە درێژەی ئەم ڕێگە و چالاکییەدا، زانکۆی تورنتۆ یەکەی وانەیەکی هاوینەی نوێ لە مانگی ئایار پێشکەش دەکات. ئەمە یەکەم خولی فێرکاری و پەروەردەییە لە دونیادا کە بە زمانی ئینگلیزی لەبارەی ژنانی کورد پێشکەش دەکرێ و من پرۆگرامەکەیم ڕێکخســـتووە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەم خولە فێرکـاریـانە لە ڕوویەکەوە ئەنجامی پێزانین و ڕێزدانانە بە کەلەپوورە زانستییەکانی ئەمیر و لە ڕوویەکی ترەوە بەرهەمی هەوڵەکانی منە بۆ پاراســـتن و درێژەدانی ئەم کەلەپوور و ڕێنماییە بەرەو ئاراستەیەک کە لە خزمەت و گەشەکردنی کوردۆلۆژی بێت.

ئەمەش لەبارەی زنجیرە کتێبە چاپکراوەکانی چاپەمەنی پیتەر لینگ لە ژێر ناونیشـــانی (گەلی کورد، مێژوو و ســـیاســـەت) ڕاســـتە. هەوڵی من بەرەو فراوان کردنی بوارەکانی زانین لە توێژینەوەکانی کوردستان و ژنانی کوردە. دەبی ئەوەش بڵێم کە ئەم توێژینەوانە هەم بەرهەمی زانینی نوێیە و هەم ڕێخۆشـــکەری لێکۆلینەوەکانی داهاتووە.

تێکۆشانەکانی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بایەخی زۆری هەیە و ڕەهەندەگەلی جیاواز لە خۆی دەگرێ. ئەم توێژینەوە و سەرچاوانە، لایەن و ڕووی جیاوازی تێکۆشانە سیاسیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخەنە ڕوو: ڕۆڵی دەوڵەتەکان لە سەرکوتی نەتەوەکانی ناوچەکە پیشان دەدات و سەرنجمان رادەکێشیت بەرەو سیستەمەکانی زمانکوژی و کولتوورکوژی. ئەم توێژینەوانە ئاڵۆزی پرسەکانی ژنان، کە سەرکوتە ئابووری، ئایینی، نەتەوەیی و ڕەگەزیانەی تیایە، دەخاتە ڕوو. بێگومان پەرەسەندنی توێی سەرکوتی سیاسی و تێکۆشانەکانی ژنان دژی ئەوان، چ بە شێوازی چەکداری و چ بە شێوازی مەدەنیانە، وانەی زۆری بۆ لێکۆڵینەوە زانستییەکان تیایە. ئەم خەباتانە لە چێوە جیاوازەکانی دیکەی وەک، نووسینی بیرەوەری، شیعر، ئەدەبیات. فولکلۆر، هونەرە جوانەکان(شێوەکاری، پەیکەرسازی، سیرامیک و ...) و فیلم جیبەجێ دەکرێت. هەموو ئەمانە هەن بەڵام لەبەر ئەوەی لێیان بێ ئاگاین بۆیە نایەنە ناو زانین و زانستی ئێمەوە.

***ئایا دەتوانین بڵێین کە سەرچاوە بەرهەمهێنەراوەکانی ئێوە، میتۆدێکی جیاواز بۆ ڕەنگدانەوەی دەنگی ژنانی کورد پیشکەش دەکات، یان گۆڕانکاری لە ڕوانگە باوەکانی توێژینەوە لەسەر ژنانی کورد دروست دەکات؟**

**مۆجاب:** لە ڕوانگەی زاڵ، جۆرێک لە دیدی (ئێگزۆتیک) لەسەر ژنانی کورد هەیە، بەو شێوەیە کە لەبەر ئەوەی ژنانی کورد عەبا و ڕووپۆشی ئیسلامیان نییە و سیکۆلارترن یان لەبەر ئەوەی بۆ نموونە هەڵپەرکەکانیان بەکۆمەڵە، وا لێکدەدرێتەوە کە ئازادی سێکشواڵ و ئازادی ژنان لە کوردستان زۆرترە، واتا جۆرێک لە گێڕانەوەی ڕۆژهەڵاتناسی یان پروپاگەندەیەک کە بنەمای نایەکسانی بەرهەمی دەسەڵاتی پیاو/باوکسالاری نابینێت. بۆیە جۆرێک لە ئەفسانە لەبارەی ژنانی کورد درووستکراوە کە ژنانی کورد لە ژنانی تورک و عەرەب و فارس کراوەتر و ئازادترن، ئەمەش ڕاستی تیانییە. پێوەندیی پیاو/باوکسالاری لە کوردستان زۆر و توندوتیژە. ئەو سەرچاوانەی ئێمە کۆمانکردوونەتەوە دەتوانرێ بۆ نیشاندانی ئەم ڕاستییە بەکار ببرێ.

بابەتێکی گرنگی دیکە کە دەبێ باس بکرێ بەربەستەکانی توێژینەوەیە. لەبەر سەرکوتی سیاسی، پرسی دەستڕاگەیشتن بە ژنی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان هەمیشە کێشـــەیەکی زانسـتی بووە، بۆیە توێژینەوەی مەیدانیی ســـەخت کردووە. لە ئەنجامدا ئەو زانینەی بە دەستمان هێناوە هەتا ئاستێک زانینێکی دەستی دوو و لێکدانەوەییە. هەرچەن ئەم بەربەستە هەتا ئاستێک کەمتر بووەتەوە، بەڵام هێشتا هەر ماون. هێشـــتا ناوچە کوردنشـــینەکان لە ناوچە قەدەغەکراوەکانن بۆ توێژینەوە. بەبێ مۆڵەتی دەوڵەت ناکرێ بە ئاسانی توێژینەوەی مەیدانی بکرێ. کێشـــەی دیکە ئەوەیە کە زۆربەی توێژەران، زانینی زمانی باشـــیان نییە لە حاڵەتێکدا ئەگەر بتەوێ بە تایبەت لەبارەی ژنانەوە توێژینەوەی مەیدانی بکەن، حەتمەن پێویســـتان بە زانینی زمانی کوردی دەبێت. زانینی زمانی کوردی جۆرێک پێویستییە.

هەروەها دەبێ ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی دیاســـپۆرا بکەم، کە ناتوانین حاشـــا لە پێوەندی نێوان دیاســـپۆرا و وڵاتی دایک بکەین. ئەمڕۆ دەبینین کە ژنـانی توێژەری کوردی زۆر لە زانکۆکانی ئەمریکا و ئەورووپا ســـەرقاڵی توێژینەوەی زۆر نوێگەرانە و و گرنگن. ئەوان ســـەرکوت کردن و توندوتیژیـان بینیوە و زۆرینەیان لەبەر جەنگ و ســـەرکوتی ســـیاســـی ئاوارە بوون، بەڵام بەردەوام نیگەرانی دۆزی زێدی خۆیانن.

***کاتێک دەڵێین کوردستان یان ژنانی کورد، باس لە چ شتێک دەکەین؟ ئایا ئاماژەیە بۆ پێکهاتەیەکی تایبەتە؟**

**مۆجاب**: بێ شـــک ناکرێ باســـی کوردســـتان یان ژنی کورد وەک کۆمەڵەیەک یان کۆمەڵەیەکی هاوچەشن بکرێ. لە ڕووی جیۆپۆلەتیک، مەبەستی ئێمە لە ژنانی کورد، ئەندامانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە کە لە زێدی باوباپیرانیان "کوردستان" دەژین، زێدێک کە لە ســـاڵی ١٩١٨ لەنێوان چوار وڵاتی دراوســـێ واتا ئێران، عێراق، تورکیا، ســـوریا دابەش بووە. هەڵبەت ئەوە کۆمەڵە بچووک و گەورەی پرژوبڵاوەی لە دونیا -کوردانی دیاسپۆرا، تاراوگەش- لە خۆ دەگرێت. مەزەندە دەکرێ ژمارەی کوردەکان زیاتر لە ســـی مێلیون کەس بێت واتا یەکێک لە

گەورەترین نەتەوە بێ دەوڵەتەکان و چوارەمین نەتەوەی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پاش تورک، عەرەب فارسەکان.

بە گشتی کاتێک باسی ژنی کورد دەکەین دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان بارودۆخەکانیان لە ناوچە جیاوازەکاندا هەیە، جیاوازی گەلێکی سەرچاوەگرتوو لە فاکتەرگەلێکی جۆراوجۆ وەک: دەوڵەتی ناوەندی، کولتووری ناوەندی [پایتەخت] و فێمێنیزمی ناوەندی [پایتەخت]. بۆیە ناتوانین بەبێ ناوهێنانی ناوچەیەک کە تیایدا دەژین، باسی ژنی کورد بکەین. ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی (حکومەتی سەرکوتگەری ئەردۆغان، یان بەشار ئەسەد، کۆماری ئیسلامی، یان تەنانەت حکومەتی هەرێمی کوردستان)بە هۆکارە ئاڵۆزە زۆرەکان لەگەڵ یەکتر جیاوازن. بەڵام ڕەنگە بتوانین بڵێین کە سەرەکیترین کێشەی هاوبەشی نێوان کوردەکانی ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرکوتی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانە کە وەک نەتەوەیەک لە بەرانبەریان دەکرێ، سەرکوتی زمانی و سەرکوتی کولتوورییە، هەڵبەت ڕێژەی توندی ئەم سەرکوت کردنە لە هەموو ناوچەکان وەک یەک نییە. لەگەڵ ئەمەشدا، وەک هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە، هەموو ناوچە کوردییەکان کۆمەڵگەگەلێکی چینایەتین کە جیاوازی لەنێوان شارنشینی و پەراوێزنشینی هەیە. کوردستانی ئێران کۆمەڵگەیەکە وەک بەشەکانی دیکەی ئێران لەم ٤٢ ساڵەی ڕابردوو شایەتی گەشەی توێژێک لە ژنانی ڕۆشنبیر بە بڕوانامەی بەرز و بەشداری چالاکانەی ژنان لە بوارە مەدەنییەکان و ئەکادیمیا بووە. لە ئەنجامدا، ژنانی کورد دیاردەیەکی وەک یەک نین و جیاوازی چینایەتی و زایەندی و خوێندەواری و جۆگرافیایان تێدایە، بەڵام خاڵی هاوبەشیان ستراکتۆری پیاو/باوکسالاری- نەتەوەپەرەستی-ئایینی-سەرمایەدارییە.

***دینامیسمی نێوان نەتەوەپەرەستی و بزووتنەوە یەکسانیخوازەکان چۆن لە یەک جیا دەکەنەوە؟**

**مۆجاب**: لەم بارەیەوە باس و مشـــتومڕی زۆری ئەنجامدراوە و هەمیشـــە جۆرێک لە پارادۆکس لەنێوان ناسـیۆنالیزم و فێمینیزمدا هەبووە. پرسـیارەکانی وەکوو؛ ئایا ناسـیۆنالیزم یاریدەیە بۆ تێگەیشـتنی فێمینیزمی لە کێشـەی پیاو/باوکسـالاریی نەتەوەیی، یان بەربەسـتێکە لەسـەر ڕێگەی، هەمیشـە جێی باس بووە. ئەوە پارادۆکسـێکی گرنگە کە بە شـێوەگەلی جیاواز دەیبینین. ئەم ڕاسـتییە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکوتی نەتەوەیی، ژنان ڕەنگە چاوپۆشی لە سەرکوتی پیاو/باوکسالاری بکەن یان تا ئازادی نەتەوەیی ئەوە دوا بخەن، حاشاهەڵنەگرە بەڵام لە وەرچەرخانـدایە. بە بۆچوونی من، ژنـان سـەرقاڵی مەسـەلەی پیاو/باوکسـالاری، کێشـەکانی توندوتیژی بەرانبەر ژنان و کوشـتن لە پێناو شەرەف دەبن و لە دژی ڕادەوەستن. دەتوانین ئەم پرسە لە چوارچێوەی چالاکی و گرووپی ژنـان لە کوردسـتـانی ئێران ببینین. بێ هۆ نییە کە زۆربەی ژنی کورد لە زیندان دان لەبەر ئەوەیە کە سـەرقاڵی چالاکی مەدەنین و کۆماری ئیسـلامی ئێرانیش سـەبارەت بە چالاکی کوردەکان هەسـتیارە. بە گشـتی بە بۆچوونی من تێرامان و قووڵبوونەوە و خستنە ژێر پرسیاری وتەزاکانی وەک ئەوەی کە تێگەیشتنی ئێمە لە ناسیۆنالیزمی کورد یان پێوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و فێمینیزم یان پێوەندی نێوان چالاکییەکانی ژنانی کورد لەگەڵ ژنانی فارس، بابەتگەلێکی زەروور و زۆر گرنگە کە بەداخەوە لە بابەتەکانی فراوانتری فێمینیسـتەکانی نەتەوەی دەسـەڵاتدار نییە یان زۆر کەمە. بۆیە ڕەنگە بتوانین بڵێین کە تایبەتمەندییەکی هاوبەش لە بزووتنەوەی ژنانی کورد، بە هەندوەرنەگرتنیانە لە لایەن ناسیۆنالیستەکان و ڕۆشنبیران و فێمینیستە غەیرە کوردەکانی هەر ناوچەیەک و هەروەها لە لایەن دەوڵەتە ناوەندییەکان و فێمینیسـتە ڕۆژئاواییەکانە. من زۆرجار وتومە کە هاودەنگی لەگەڵ خەباتی ژنانی کورد و باس کردنیان وەک (کێشـە) سـەرچاوە ناگرێ، بەڵکو دەبێ بپرسین کە ژیانی ژنانی کورد لە ژێر سەرکوتی دەوڵەتە ناوەندییەکان، جەنگ، ئاوارە بوون، جینۆساید، پێوەندی تووناتوونی نەریتی- ئاییینی دژە ژن، هەژاری ئابووری کە سەرچاوەکەی ئابووری سەرمایەدارییە، چ وانەیەکمان فێر دەکات.

کام زانسـت و چ میتۆدێکی هزری و پراکتیکی دەتوانێت ئەو هەموو ئاڵۆزییە ببینێت و پرۆژەیەکی ڕزگاریخواز بخاتەڕوو. بە بۆچوونی من بەشـداری بوێرانەی

فیکری و سیاسی ژنانی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ستراکتۆرانەی کە باسم کرد زۆر پێویستە. ئەم کارە پێویستی بە زانین و کاری شۆڕشگێرانە هەیە تاوەکو بتوانین سۆڵیداریتییەک لەسەر بنەمای سڕینەوەی توندوتیژی نەتەوەیی، زایەندی و چەوسانەوەی چینایەتی بنیات بنرێ.

*ئەم هەڤپەیڤینە لەلایەن "ئەفسانە هۆژبری" بە فارسی ساز دراوە